سەرۆکی حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان بەشداری پرسەی دابان عوسمانی کرد

حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، مەحەمەد حاجی مەحمود سەرۆکی حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان بەشداری پرسەی شەهید دابان عوسمانی کرد.

پاش نیوەڕۆی دوێنێ شەممە (6ـی نیسانی 2024)، مەحەمەد حاجی مەحمود سەرۆکی حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان لەشاری سلێمانی بەیاوەری شاندێک بەشداری لەپرسەی دابان عوسمانی کرد و هاوخەمی خۆی بە باوک و کەسوکاری دەربڕی و دەنیای کردنەوە کە هەموو هەوڵێک دەدەین تا لێگەڕێی یاساوە تاوانباران بە سزای توندی یاسایی خۆیان بگەیەنن.

دابان عوسمان، لە شەڕی چەکداری نێوان هێزەکانی مەحەمەدی حاجی مەحمود و وەزیری کاروباری شەهیدان عەبدوڵڵا حاجی مەحمودی برای کوژرا.